https://doi.org/10.26682/chjuod.2019.22.1.6

گوڤارا زانكويا دهوك، پەربەندا:22، ژمارە:1، (زانستێن مروڤایەتی و كومەلناسی)، بپ 137-154، 2019

**(ژمارەكا تايبەت)، سەنتەرێ ڤەكولينێن جينوسايدى، زانكويا دهوك**

# پاكتاوكردنی زمانLinguecide و شێوازەكانی جێبەجێكردنی بەسەرزمانی كورديدا

**شیروان حسێن حمد**

زانكۆی ڕاپەڕین، هەرێمی كوردستان–عێراق

***(مێژوویا رەزامەندیا بەلاڤكرنێ: 30 كانونیا ئێكێ، 2019)***

## پوختە

**گەلی كورد، وەک نەتەوەیەک چەندین جار توشی پرۆسەی ئەنفال و جینۆساید و قڕكردن بۆتەوە، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا زمان و كلتورەكەی توانیویەتی ناسنامەی نەتەوەیی بپارێزێت و دوژمنانی كورد لەڕێگەی جینۆسایدەوە هەوڵیان داوە، ئەم دوو شوناسە (زمان و كەلتور)ی كورد لەناو ببەن. لەگەڵ ئەوەشدا ئەم شوناسانە هەرپارێزراوبوونە. بەڵام بێ كاریگەری نەبوون. هەرلەم پێناوەدا ئەم توێژینەوەیە، بە ناونیشانی (پاكتاوكردنی زمانیی و شێوازەكانی جێبەجێكردنی بەسەرزمانی كورديدا) لەسەربنەمای گریمانەی ئەوە كاردەكات، كە هەرمیللەتێک توشی جینۆساید دەبێت ئەمە چ كاریگەری و ڕەنگدانەوەیەكی لەسەرزمانی ئەو نەتەوەیە لە داهاتوودا، دەبێت. هەرلەسەر ئەم بنەمایە نەتەوەی كورد، كە چەندین جار توشی ئەم تاوانە كراوەتەوە، لە هەموو پارچەكانی كوردستان هەوڵی لەناوبردن و پاكتاوكردنی زمانیان داوە، لەسەرئەم بنەمایە ئەم دیاردەیە بوەتە كەرەستەی توێژینەوەكەمان. بەتایبەت هەوڵەكانی حكومەتی بەعس و داعش لەسەر زمانی كوردی وەک نمونە وەرگیراوە. توێژینەوەكە بەپێی ڕێبازی وەسفی مەیدانی ئەنجام دەدرێت. لە دووبەش پێكدێت:**

**بەشی یەكەم: بە ناونیشانی (جینۆساید و چەشنەكانی لێكدانەوەیەكی زمانەوانی شیكاری) بۆ شیكردنەوەی زاراوەی جینۆساید و ئەنفال لە ڕووی زمانەوانی و پەیوەندی نێوانیان تەرخانكراوە. ، تێیدا باسی چەمک وزاراوەی جینۆساید پەیوەندی نێوان زاراوەی ئەنفال و جینۆساید كراوە. هەر لەم بەشەدا باس لە چەشنەكانی جینۆساید كراوە و هەریەكەیان بەوردی شرۆڤەیان بۆ كراوە و پەیوەست بە مەترسییەكانیان لەسەر زمان شیكراونەتەوە و ئاماژە بە جێبەجێكردنی هەرچەشنێكیان لە كوردستان دا، كراوە.**

**بەشی دووەم: لەم بەشەدا بە ناونیشانی (پاكتاوكردنی زمانی و شێوازەكانی جێبەجێكردنی بەسەر زمانی كورديدا) باسی هەریەک لە پاكتاوكردنی زمانی و مردنی زمانمان كردووە، كە دوو دیاردەی لەیەک نزیكن و هەموو پاكتاوكردنێكی زمان مردنی زمانی لێدەكەوێتەوە. هەر لەم بەشەدا باسی شێوازەكانی پاكتاوكردنی زمانمان كردووە، لەوانە قەدەغەكردنی زمانێک و بەكارهێنانی زمانێكی تر، یان ڕاگواستنی قسەپێكەرانی زمانێک لە ناوچەیەكەوە بۆ ناوچەیەكی زمان جیاواز. ئەمانەش زۆرجار بە پشت بەستن بە یاسا و تەنانەت لەدەستوریشدا جێگیركراوە. هەریەک لەو شێوازانە لە بەرامبەر زمانی كوردی گیراونەتەبەر بۆیە هەر لەم بەشەدا باسی پاكتاوكردنی زمانیمان كردووە، لە هەریەک لە بەشەكانی باكور و باشور و ڕۆژهەڵات و ڕۆژاوای كوردستان كردووە. لە كۆتایی ئەم توێژینەوەیەشدا چەند ئەنجام و ڕاسپاردەیەک لەگەڵ پوختەی توێژینەوە بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی خراوەتەڕوو.**

## بەشی یەکەم

## جینۆسایدو چەشنەکانی لێکدانەوەیەکی زمانەوانی شیکاری

### ١-١: چەمک وزاراوەی جینۆساید

جینۆساید زاراوەیەکە لە ڕووی زمانەوانییەوە وشەیەکی لێکدراوە، پێکهاتووە لە هەردوو وشەی (Genos)، کە وشەیەکی کۆنی لاتینییە و بە مانای (ڕەگەز) یان (ڕەچەڵەک) یان (بنەچە و نەژاد) دێت، وشەی (caeder)، کە ئەویش وشەیەکی لاتینییە و بە واتای (لەناوبردن)، (پاکتاوکردن)، یان (قڕکردن و بنەبڕکردن) دێت. (کۆمەڵێک نووسەر٢٠٠٨: ٣٢) هەرچەندە لە زمانی کوردیدا زاراوە بیانییەکە (جینۆساید) بووەتە زاراوەیەکی باو و ڕۆیشتوو، بەڵام لەپاڵێشدا هەندێ جار دەکرێت بە کوردی و زاراوەکانی (پاکتاوی نەژادی)، (پاکتاوی ڕەگەزی)، (لەناوبردنی بەکۆمەڵ)، (سڕینەوەی بنەچە)، (ڕیشەکێشکردنی مرۆڤ)..... تاد، بەکاردێن.

مێژووی بەکارهێنانی ئەم زاراوەیە دەگەڕێتەوە بۆ نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم. (بۆ یەکەمجار لە لایەن یاساناسی پۆڵەندی (ڕافائیل لیمکین) لە کۆنفرانسێک لە شاری مەدریدی ئیسپانیا و لە چوارچێوەی کۆنفرانسەکدا لە ساڵی ١٩٣٣ خراوەتەڕوو. دواتر هەر ئەم یاسانامسە لە ساڵی ١٩٤٢ ئەم زاراوەی بە نووسین تۆمارکردوە. کە یەکێک بوو لە قوربانیانی دەستی جینۆساید، و تەواوی خێزانەکەی بەدەستی ئەڵمانەکان (نازییەکان) لەناوبراون.) (ویسى صالح، عمر على، عبيد خدر٢٠١٥: ٨٩). هەرچەندە ئەم زاراوەیە لەناو فەرهەنگی زمانی کوردیدا نوێترە، بەڵام سەرەتاکانی پرۆسەی جینۆساید لە کوردستاندا مێژوویەکی کۆنتریان هەیە. بەوەی کە هەر لەسەرەتای سەدەی بیستەم و بە دیاریکراوی دوای جەنگی جیهانی یەکەم، لە باکوری کوردستان دەستی پێکردوە. بەتایبەتی دوای دەستوری نوێی تورکیا لە ساڵی ١٩٢٤ ڕەوایەتی بە قەدەغەکردنی زمان و جل و بەرگ و ناوی کوردی درا. کە ئەمەش سەرەتای جینۆسایدی گەلی کوردە بە شێوەیەکی یاسایی، دواتریش لە پڕاکتیکدا هەموو هەنگاوێکی بۆ نرا.

لەڕووی چەمکەوە زاراوەی جینۆساید، واتایەکی فراوانتری هەیە. بەپێی پێناسەی (کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان پشت بە بەندی شەشەمی دەستوری دادگای نۆرنبێرگ چەمکی جینۆساید واتە ڕەتکردنەوەی مافی بونی سەرجەمی کۆمەڵی مرۆڤایەتی، هەروەکو چۆن فەوتاندنی مرۆڤ نیشانەی ڕەتکردنەوەی مافی بونی ژیانە، ئەوەش نکوڵیکردنە لە دانپێدانان بە مافی بوون، سوکایەتی کردنە بە سەرجەمی مرۆڤایەتی و ژیانێکی قەرەبۆنەبۆوە دروست دەکات. سەرجەمی کەلتوری شارستانی کۆمەڵی مرۆڤ دادەماڵێ و دژی یاسای ڕەوشتییەکان و ناوەڕۆک و مەبەستی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕادەوەستێ.) (مارف عومەل گوڵ٢٠١٠: ٢١-٢٢) بەم پێیە ئەگەر جینۆساید ڕەتکردنەوەی مافی بوون بێت، ئەوا هەموو مافەکانی تر لەگەڵ بوون دان و ئەوانیش لەناودەچن، لەوانە لە پێش هەموویان مافی ژیان و زمان و کەلتور. چونکە هەر کاتێک مافی بوونت

پێڕەوانەبینن ئەوا لێسەندنەوەی هەموو مافەکانی تر، دەبێتە کارێکی زۆر ئاسان و سادە.

ناساندنی چەمکی جینۆساید وەک زاراوەیەکی جیهانی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو (هەل و مەرجە ڕامیاری و کۆمەلایەتی و ئابوورییەی، کە دوای جەنگی دووەمی جیهانی هاتە ئاراوە و وڵاتانی بەگشتی بەرەو بارێکی دیکەی هەڵسوکەوت و کارکردن لە ڕووی زۆر بابەتی جیاجیاوە برد، دوای ئەوەی نازییەکان قەڵاچۆی جولەکە و ڕۆمانەکانیان کرد و لەگەڵ کۆتایی هاتنی شەڕو دامەزراندنی نەتەوە یەکگرتووەکان ئەم وشەیە لەساڵی ١٩٤٨ لە بەڵگەیەکی نەتەوە یەکگرتووەکاندا بەناوی (پەیمانی پێشگری و تەنبێکردنی تاوانی جینۆساید Convention on the prevention and (punishment of the crime of Grnocide ناسرا، کە ئەویش ڕێکەوتننامەیەکە بۆ قەدەغەکردن و سزادانی تاوانی جینۆساید بەپێی بڕیاری ژمارە (٢٦٧٠) لە ٢٩ی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٤٨دا لەلایەن کۆمەڵەی گشتییەوە پەسەندکرا و لە ١٢ی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٥١دا چووە بواری کارپێکردنەوە. ئەم ڕێکەوتنامەیە پێناسەی جینۆساید شیدەکاتەوە، کە ئەو کارانەی بە مەبەستی تێکدان و هەڵتەکاندنی گشتی یان بەش بەش ئەنجام دەدرێن دژ بە کۆمەڵێکی نەتەوەیی یان ئەتنیکی یان ئاینی و شتێکی لەم چەشنە.) (عەدالەت عومەر ساڵح٢٠٠٢: ١٥-١٦) بەمەش وشەی جینۆساید سیمایەکی نێودەوڵەتی وەرگرت و پشتگیری وڵاتانی بەدەست هێنا بۆئەوەی بە هەموو شێوەیەک و لە هە شوێنێکی دونیا بێت ڕێگری لێ بکرێت بەڵام تارادەیەکی زۆر نەتوانرا جێبەجێ بکرێت. هەر دوای ئەم پەیماننامەیە جینۆساید بوو بە وشەیەکی جیهانی و لە زۆربەی زمانەکاندا بەکارهات.

### ١-٢: پەیوەندی زاراوەی جنۆساید و ئەنفال

لەگەڵ زاراوەی جینۆساید دا، زۆرجار زاراوەی ئەنفالیش وەک هاوواتایەکی دێت. بۆیە لێرەدا بە پێویستی دەزانین ئەم زاراوەیش ڕوون بکەینەوە. وشەی ئەنفال لە بنەڕەتدا لە فەرهەنگی زمانی عەرەبییەوە هاتۆتە نێو زمانی کوردی و تەنانەت بەرێوەتەوە بۆ زمانە ئەوروپییەکانیش، بەڵام هەندێ گۆڕانی واتایی تێیدا ڕووی داوە، بە جۆرێک (لە زمانی عەرەبیدا بە واتای دەسکەوتی جەنگی دێت. کۆی وشەی (نفل)ە، بە واتای (غنيمة).) (خليل بن احمد الفراهيدی١٩٩٠: ٣٢٥) لەڕووی زاراوەوە زۆربەی فەرهەنگە عەرەبییەکان لە ناساندنی ئەم وشەیەدا کۆکن لەسەر ئەوەی، کە (بریتیە لەو ماڵەی کە جەنگاوەرانی موسڵمان دەستیان دەکەوێت، لە کاتی شەڕکردن لەگەڵ خەڵکانی تردا.) (محمد جمال الدين القاسمی١٩٩٧: ٢٥٣) بە پێی ئەم پێناسەیە بێت تەنها شتی مادی دەبێت بە دەسکەوت، بەڵام لە ڕاستیدا ئەوانەی بەو پرۆسەیە جێبەجێدەکەن لە پێش هەموو شتێک لە لایەنی گیانییەوە بەرامبەرەکانیان لەناو دەبەن، کە ئەوە ئامانجە سەرەکییەکە و هەر ئەمەش ئەنفال دەکات بە جینۆساید. دواتر لە پلەی دووەمدا دەست گرتن بەسەر ماڵ و سامانەکەیان و خاکەکەیان دا دێت.

ڕەگی ئەم وشەیە بۆ قورئانی پیرۆز دەگەڕێتەوە، بە جۆرێک کە هەشتەمین سورەتی قورئان بەناوی

(الانفال) هاتووە و لە یەكەم ئایەتی ئەم سورەتەشدا ئەم وشەیە هاتووە، وەک خوای گەورە دەفەرمویێت: (یسئلونک عن الانفال قل الانفال لله و الرسول فاتقوا الله واصلحوا ذات بینكم و اطیعوا الله و رسوله ان كنتم مؤمنین.) (الانفال:١) واتە: لەبارەی دەسكەوتەكانی جەنگەوە پرسیارت لێدەكەن، بڵێ: دەسكەوتەكان بۆ خوا و پێغەمبەرن، جا ئەگەر ئێوە خاوەن باوەڕن، لە خوا بترسن و نێوانتان چاک بكەنەوەو گوێڕایەڵی فەرمانەكانی خوا و پێغەمبەر بكەن.) (عومەر ئەمین عەلی٢٠١٣ب١: ٣٩٣) ئەوەی لە واتای ئەم وشەیە لەم ئایەتە پیرۆزەدا دەخوێندرێتەوە، تەنیا ئەو دەسكەوتە مادییانە دەگرێتەوە، كە لە كاتی جەنگ موسڵمانان لە دوژمنانیانەوە دەستیان دەكەوێت.

ئەم وشەیە بە هەمان فۆرم و واتا چووەتە زمانی فارسی و بەواتای (غنیمتها، بهرەها، بخششها)(محمد معین١٣٨٥: ١٤٣) بەواتای (دەسكەوتی جەنگی) دێت، لێكدراوەتەوە. بەڵام كە هاتۆتە ناو زمانی كوردی بە هەمان فۆرم هاتووە، بەڵام واتاكەی گۆڕاوەو بە ئاڕاستەی فراوان بوون، (واتا فراوانبون دیاردەیەكە لە دیاردەكانی گۆڕانی واتا، كە وشەیەک بە تێپەڕبوونی كات واتایەكی فراوانتر پەیدادەكات و دیاردەیەكی گەورەتر دەگرێتەوە.) (محمد معروف فتاح٢٠١١: ١٢٨) وشەی ئەنفال سەرەڕای واتا بنجییەكەی خۆی (دەسكەوتی جەنگی) واتای لەناوبردن و زیندەبەچاڵ كردن و كوشتنیشی لە خۆگرتووە، تاڕادەیەک بووە بە هاوواتای وشەی جینۆساید. بەجۆرێک بووە بە دیاردەیەكی گەورەتر. چەند سیمایەكی زیاتری واتایی لەخۆدەگرێت. هەریەک لەم سیما واتاییانەشی لە زمانی كوردیدا لە ئەنجامی ئەو پرۆسەی كە بەسەر كورد هات و هەموو ئەو تاوانانەی تێدا جێبەجێكرا، وەرگرتووە.

ئەم وشەیە دواتر بووە بە زاراوەیەكی سیاسی بە تایبەتی لە دوای ئەو شاڵاوە یەک لەدوای یەكانەی كە حكومەتی بەعس لە ماوەی نێوان ساڵانی هەشتاكانی سەدەی ڕابردوو كردیانە سەر كوردو دواتر بە جینۆساید ناسراوە، چونكە تێیدا لەناوبردنی جەستەیی و لەناوبردنی بایۆلۆژی و لەناوبردنی كلتوری و لەناوبردنی ئابووری و ....تاد گرتەوە. (ناوێكە عێراقییەكان لە زنجیرەیەک كردەوەی سەربازییان ناوە و لە ٢٣ی شوبات تا ٦ی ئەیلولی ساڵی ١٩٨٨ی خایاندووە، عەلی مەجید یان عەلی كیمیایی، فەرماندارى ڕەهای جینۆسایدی كوردەكان بوو.)(میدڵ ئیست ووچ٢٠٠٤: ٤١) هەرچەندە ئەم ناونانە لەلایەن حكومەتی بەعسەوە وەک پیرۆزی تەماشا دەكرێت. بەڵام لەدیدی كوردەوە بە كارێكی قیزەون و وشەكە لە فەرهەنگی ئاوەزی كوردان دا بەشووم و سیمای نەرێنیەوە تۆماركراوە. بەكارهێنانی ناوی پیرۆزی ئاینی لای دەستەڵاتداران و داگیركارانی كورد تا ئێستا بەردەوامە و لە نوێترین نموونەشدا بەكارهێنانی ناوی سورەتی (الفتح) بوو لەلایەن توركیاوە بۆ داگیركردنی عەفرین لە ساڵی ٢٠١٨.

## ١-٣: چەشنەکانی جینۆسایدو ڕەنگدانەوەیان لەسەر زمان

زاراوەی جینۆساید زیاتر بۆ پاکتاوی ڕەگەزی، نەتەوەیەک یان گروپێکی ئاینی یان ئتنیکی، بەکاردێت. بەڵام لەڕاستیدا تەنیا لەناوبردنی فیزیکی هەریەک لەو گروپە مرۆڤانە نییە. بۆیە توێژەرانی ئەو بوارە هاتوون، چەند چەشنێک جینۆسایدیان جیاکردوەتەوە و زاراوەی تایبەتییان بۆ هەریەکێکیان داناوە.

### ١-٣-١: جینۆسایدی جەستەیی:

بریتیە لە لەناوبردنی فیزیکی و بەدەنی و کوشتن بە هەر جۆرێک بێت. (کوشتن و لەناوبردنی تاکەکانی کۆمەڵ بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ وەک گولەبارانکردن، زیندەبەچاڵکردن، شونبزرکردن، لەسێدارەدان و بەکارهێنانی چەکی کۆکوژ.) (ویسی صالح، عمر علی، عبید خدر٢٠١٥: ٨٩) ئەمانە هەموویان بەرامبەر بە کورد کراوە، لەوانە کیمیابارانی هەڵەبجەو بالیسان و شێخ وەسان و تەواوی ناوچەکانی تری کوردستان و زیندەبەچاڵکردنی ئەنفالکراوەکانی بارزان و گەرمیان لە بیابانەکانی ڕۆژاوا. ئەم جینۆسایدە کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر زمان دەبێت، چونکە کوشتنی هەر تاکێک لەناوبردنی فەرهەنگێکی تاکە کەسییە، کە هەموو تاکێک خاوەنی فەرهەنگی تایبەتی خۆتی، کە پێی دەوترێت فەرهەنگی تاکەکەسی. کە بەشێکە لە فەرهەنگی بنەڕەتی و (ئەو وشانە لەدەوری خۆی کۆدەکاتەوە کە بۆ زمان زۆر پێویستن.) (فاروق عومەر سدیق٢٠١٧: ٢١٣) بۆیە وردە وردە فەرهەنگی زمان لاوازدەکات و لە کۆتایدا زمانەکە دەمرێت پڕۆسەکە ئەوکات دەچێتە چوارچێوەی مردنی زمان Language death.

### ١-٣-٢: جینۆسایدی بایۆلۆژی Biocide:

ئەم جۆرەیان بریتیە لە ڕێگری کردن لە وەچەنانەوە و زیادبوون لە گروپێکی نەتەوەیی یان ئاینی. (بەربەندکردنی هەر کۆمەڵە مرۆڤێک لە پێشکەوتن و زیادبوون. وەکو ڕێگری کردن لە منداڵ بوون و زیادکردن. یان لەیەک دابڕینی پیاو و ئافرەت و دابەشکردنی کەسانی خێزان بۆ ماوەیەکی زۆر.) (مارف عومەر گوڵ٢٠١٠: ٢٣) ئەمەش لە هەردوو شاڵاوی ئەنفالی بارزانییەکان لە ساڵی ١٩٨٣ و ئەنفالی ناوچەکانی گەرمیان لە ساڵی ١٩٨٨ جێبەجێکراوە. بە مەبەستی لێکدابڕینی هەردوو ڕەگەز و ڕێگری کردن لە زیادبوونیان. نوێترین نموونەش جیاکردنەوەی ژن و پیاوانی یەزیدی بوو لەسەر دەستی داعش لە ساڵی ٢٠١٤و کوشتنی پیاوان و بە کەنیزەکردنی ئافرەتەکانیان. ئەمەش کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر زمانیان دەبێت، چونکە زمانی گروپی جینۆسایدکراو دەتوێتەوە و وردە وردە لەبیردەچێتەوە. وەک ئەوەی کە ئێستا لە ئازادبوانی دەستی داعش دەبینین، کە زۆربەیان تەنیا زمانی عەرەبی دەزانن.

ئەم جۆرەی جینۆساید واتایەکی یەکجار فراوانی هەیە، بەجۆرێک کە دەتوانین پێی بڵێین (ژیان کوژی یان فەوتاندنی ژیان) ئەمە کاریگەری دەبێت نەک هەر لەسەر مرۆڤ، بەڵکو لەسەر هەموو گیانلەبەر و ڕوەک و شێوازی ژیانی سروشتی.

**١-٣-٣: جینۆسایدی کلتوری:**

لەم جۆرەیاندا کار لەسەر لەناوبردنی کلتوری گروپی ئامانجدار دەکرێت. (وەکو قەدەغەکردنی زمان و ڕۆشنبیری و شێواندنی مێژووی لەناوبردنی تایبەتمەندی نەتەوەیی و یەکگرتووی لەناو خەڵکدا، هەروەها وێرانکردنی شوێنەوارە کۆنەکان و ڕوخاندنی ئەشکەوت و پەیکەرو گەڕەک و مزگەوت و کەنیسەکان....تاد) (زوزان ناسر مستەفا٢٠١٣: ٧٤) ئەم جینۆسایدە لە سەرتاسەری کوردستان بەدرێژایی قۆناغە مێژووییەکان دەرهەق بە کورد کراوە. لەوانە سەپاندنی زمانی تورکی لە باکوری کوردستان و فارسی لە خۆرهەڵاتی کوردستان و عەرەبی لە باشورو خۆراوای کوردستان. ئەمە سەرەڕایی قەدەغە کردنی جل و بەرگ و بۆنە و جەژنە نەتەوەییەکان و لەناوبردنی شوێنەوارەکان بە بیانوی جۆراو جۆر لەوانە دروستکردنی پرۆژەی خزمەتگوزاری وەک بەنداو و چەندین بەناو پرۆژەی ترەوە. هەروەها لەناوبردنی دەستنووسی کۆن وێرانکردنی پاسشخانی ئەدەبی و هونەری لەناو ئەو گروپانەی، کە تووشی ئەم هەڵمەتە دەبنەوە. لە نوێترین جینۆسایدیشدا هەریەک لە یەزیدییەکان و مەسیحییەکانی دەشتی نەینەوا جینۆسایدی کلتورییان بەرامبەر کراوە. بەوەی کە هەرچی مۆرکی کلتوری ئەم دوو ئاینە بووە هەوڵی سڕینەوەیان داوە. لەوانە وێرانکردنی پەرستگا ئاینییەکانیان و شوێن و ڕەمزە پیرۆزەکانیان و قەدەغەکردنی پیادەکردنی ڕێوڕەسمە ئاینییەکانیان و بەزۆر گۆڕینی ئاینەکانیان.

یەکێکی تر لە شێوازەکانی جینۆسایدی کلتوری لە ڕێگەی نووسینەوەی مێژوویەکی هەڵەی ئامانجدار و شێواندنی مێژووە، بەجۆرێک کە بە پێی بەرژەوەندی نەتەوە سەردەستەکان دەنووسرێتەوە و دواتر دەخرێتە پرۆگرامی خوێندنەوە، بۆئەوەی لە مێشکی تاکەکانیدا بچەسپێنێت. وەکو ئەوەی لە ساڵانی هەشتاکان ڕژێمی بەعس لە عێراقدا کردی و لەپارچەکانی تریش بەهەمان شێوە ئەم هەوڵانە دراون.

**١-٣-٤: جینۆسایدی ئابوری:**

ئەم جۆرەیان لەناوبردنی ئابوری و سەرچاوەکانی ئابوری دەگرێتەوە. (واتە وێرانکردنی سامانی سروشتی و بەروبومی ناوچەکان و تاڵانکردن و فەرهودکردنی ماڵ و سامانی خەڵکی، هەر لە کەل و پەلی ناوماڵەوە بگرە، تا دەگاتە کەرەستەکانی ژیان.) (مارف عومەر گوڵ٢٠١٠: ٢٤) بەتایبەتی لەم جۆرە جینۆسایدەدا ڕێگری لە گەشەی ئابوری و سەرچاوەکانی داهات دەگیرێت و زەوی و سەرچاوە ئاوییەکان و مەڕو ماڵات و لەناودەبرێت. ئەمەش بە مەبەستی بڵاوکردنەوەی برسیەتی و ناچارکردن بە کۆچکردنی خەڵکەکە و بەجێهێشتنی زێدی باوباپیرانیان. بەجۆرێک کە هیچ دەرفەتێکی کار لەو ناوچانەدا ناهێڵنەوە. بۆ ئەم مەبەستەش پلانی جۆراوجۆر دانراوە بەنموونە (حکومەتی عیراقی بە مەرامی ئەنجام دانی ئەم جۆرە جینۆسایدە لە نیسانی ساڵی ١٩٨٧ چەند پێشنیارێکی بۆ ئابڵوقەی ئابوری لەسەر ناوچە ئازادکراوەکان دەرکرد، لەوانە دروستکردنی بیلیتی سوتەمەنی و کۆنترۆلکردنی گواستنەوەی خۆراک

بۆ ناوچەکانی ئۆتۆنۆمی.) (زوزان ناسر مستەفا۲۰۱۳: ۷٦) لەسەروبەندی هێرشی داعش ڕێگە نەدرا هیچ پێداویستی و خواردنێک بە ئاوارەکانی شەنگال بگات. هەروەها شاری موسڵ و شەنگال لەماوەی ئەو ساڵانەی کە لەژێر دەستی داعش دا بووە توشی ئەم جۆرە جینۆسایدە بووە. ئەمەش مەترسی دروست و ژێرخانی ئابوری بۆ نەوەکانی داهاتووش وێران دەکات.

**١-٣-٥: جینۆسایدی ژینگەیی Ecocide:**

هەموو ئەو هەوڵانە دەگرێتەوە کە بۆ لەناوبردنی ژینگە دەدرێت. ئەمەش لەڕێگەی ژەهراوی کردنی ئاو و هەواوە دەبێت. (مارف عومەر گوڵ۲۰۱۰: ٢٤) بەتایبەتی بەهۆی بەکارهێنانی گازی ژەهراوی. ئەمەش لە ماوەی جیاجیا و لە شوێنە جیاوازەکانی کوردستان ئەنجام دراوە. مەترسی ئەم جۆرە لە جینۆساید دوور مەوداترە و کاریگەرییەکەی تا ماوەیەکی درێژتر دەمێنێتەوە. بە جۆرێک، کە هەڕەشە تەنیا لەسەر مرۆڤ نییە، بەڵکو لەسەر هەموو بونەوەرێکە.

**١-٣-٦: پاکتاوکردنی زمانی Linguecide:**

ئەم جۆرەیان کار لەسەر لەناوبردن و فەوتاندنی زمان دەکات وەک شوناسێکی نەتەوەیی بەمەش نەتەوەیەک لەناو بۆتەی تەنەوەیەکی تر دەتوێنرێتەوە. چونکە زمان تاکە شوناسی نەتەوەیە، کە دەتوانێت بە تەنها ڕەگەزەی پارێزەری نەتەوە بێت. (بڕوانە: ١-٢).

## بەشی دووەم

## پاکتاوکردنی زمانی و شێوازەکانی جێبەجێکردنی بەسەر زمانی کوردیدا

**٢-١: چەمک و زاراوەی پاکتاوی زمانی Linguecide**

زاراوەیەکی نوێیە لە زمانەوانیدا، کە بەوە پێناسە دەکرێت، کە کوشتن و لەناوبردنی زمانە بە هۆکاری مرۆیی، یان سیاسی. ( Skutnabb-Kangas, Tove & Phillipson, Robert1994; 2211) ئەم دیاردەیە پەیوەندییەکی بەهێزی بە مردنی زمانەوە هەیە، کە لە زمانەوانیدا زیاتر باسی لێوەکراوە، بەوە دەناسرێت، کە (زمانێک کاتێک دەمرێت، کە کەسی تر لەمەولا قسەی پێنەکات.)(David Crystal2000: 1) بۆ مردنی هەر زمانێک ڕەنگە کۆمەڵێک هۆکاری سروشتی هەبن. لەوانە زاڵبوونی زمانێک بەسەر زمانێک یان کۆمەڵێک زمان و لاوازکردنیان و ئەمەش بە پشتگیری ئابوری و ڕۆشنبیری و سیاسی....هتد. (David Crystal2000:68-91) بەڵام دەبێت ئەوە بزانین، کە مردنی زمان(Language death) و کوشتن و لەناوبردنی زمان (Linguecide) جیاوازن، زمان سروشتێکی مرۆڤ ئاسای هەیە، لەبەرئەوەی لەدایک دەبێت و گەشە دەکات و دەمرێت. مردن هۆکارێکی سروشتییە و دەشێت هەموو زمانێک وەک چۆن لە سەردەم و ژینگەیەکدا لەدایک بووە، دەشێ بەهەمان شێوەیەش بمرێت. ئەمە شتێکی ئاساییە، چونکە لە سروشتی هەر زمانێکدا هەیە. هەرچی لەپاکتاوکردنی زمانییە پرۆسیەکی ئامانجداری بەرنامەبۆدارێژاوە لە پێناوی لەناوبردنی زمانێک یان

چەند زمانێک دەدرێت. هەندێ جار پشتگیری یاسایی و هەندێ جار هێز و کوشتن و پاکتاوی نەژادیش لەو پێناوەدا دەدرێت. هەر ئەمەش مەبەستی توێژینەوەکەی ئێمەیە. هەرچەندە سەرەنجامی پاکتاوی زمانی دەبێتە هۆی مردنی زمان. بەڵام زۆرجار ئەو زمانانەی توانای ململانێی و مانەوەیان هەیە، ناگەنە ئاستی مردن.

لینگیۆسایذ یان پاکتاوکردنی زمان لەناوبردن و کوشتنی زمانە، بیرۆکەکەی هاوشێوەی لەناوبردنی فیزیکی، یان جەستەییە. کاتێک زمانێک دەمرێت بەشێوەیەکی سروشتی بەرەو لاوازبوون دەچێت و دواتر دەبێتە مردنێکی سروستی، بەڵام پاکتاوکردنی زمان دژایەتی کردنی زمانە بە شێوەیەکی سیاسی و بە پلان و بەرنامەی دیاریکراوە. وەکو سیاسیەتی زمانی بەرامبەر زمانی کوردی لە تورکیا. (Skutnabb- Kangas, Tove & Phillipson, Robert1994; 2211). کە بەهۆکاری سیاسی و بەرنامەڕێژی و سیاسەتی دژایەتی زمانە ناتورکەکان هەوڵی کوشتن و لەناوبردنیان دراوە.

پەیوەندییەکی بە هێز لە نێوان پاکتاوی زمانی(Linguecide)و پاکتاوی نەژادی (Genocide) هەیە. بەجۆرێک هەندێک لەو باوەڕان (پاکتاوی زمانی جۆرێکە لە جینۆساید.) (سەلام ناوخۆش و نەریمان خۆشناو٢٠١٠: ٩٢) ئەم دوو دیاردەیە، تەواوکاری یەکترین، چونکە هەرکاتێک پاکتاوی نەژادی لەناو گەل و نەتەوەیەکدا ڕوودەدات، ئەوا زمانەکەشی لەناودەبرێت. بەپێچەوانەوشەوە لەناوبردنی زمانی هەر گەل و نەتەوەیەک سڕینەوەی شوناسە هەر گرنگ و بەرچاوەکەی نەتەوەیە. لەبەرئەوەی دەشێت میللەتێک ڕەگەزەکانی تری نەتەوەیی لەناو ببرێت، بەڵام کە کار گەیشتە شوناسی زمانی ئەم میللەتە لەبەردەم هەڕەشەی لەناوچوون دایە.

جگە لە قەدەغەکردنی زمان بەپێی بنەمای یاسایی و زەبری هێز. هەریەک لە دەوڵەتە داگیرکارەکان پلانێکی تریان بۆ لەناوبردنی زمانی بریتیە لە شێواندنی ڕەگەزی زمانی. بەجۆرێک، کە لە ڕێگەی شارەزایان و پسپۆڕانی ئەو بوارەوە بە نووسینی بەناو توێژینەوە وا لە خەڵک دەگەیەنن، کە ئەو زمانەی دەیانەوێت لەناوی ببەن لقێکە لە زمانی خۆیان یان شێوەزارو گۆڤەرێکی بچوکی خەڵکی بەشێک لە وڵاتەکەیانە. وەک ئەوەی کە لە هەشتاکان لە تورکیا کرا بەوەی کە زمانی کوردی دیالێکتێکی زمانی تورکییە، ئەوەی وا دابنێت کە زمانی کوردی زمانی سەربەخۆیە، مەترسی بۆ سەر ئاسایشی تورکیا دروست دەکات.(مارف عومەر گوڵ٢٠١٠: ٨٦) ئەم سیاسەتە تا ئەمرۆ لە هەموو پارچەکانی کوردستان پێڕەو دەکرێت. بەتایبەتی لە ئێران، زۆرێک لە توێژەرانی کورد و فارس دەڵێن زمانی کوردی دیالێکتێکی زمانی فارسییە. ئەمەش فەوتاندنی ڕەگەزە بنجینەییەکەی نەتەوەیە، کە زمانە.

**٢-٢: مردنی زمان:**

مردنی زمان دیاردەیەکە لەناو هەر زمانێکدا ڕوودەدات کاتێک کە قسەپێکەری ئەو زمانە نامێنێت، دەشێت کە زمانێک یان چەند زمانێک بێت. کە بەپێی زۆر بوونی جیاوازی و لێکتێنەگەیشتن زمانێک دەمرێت و ماوەیەکی زۆر

دەخایەنێت. ئێستا شەش بۆ حەوت هەزار زمان لە جیهاندا هەیە، لە سەدەی بیست و یەكدا پێشبینی دەكرێت نیوە لەو زمانانە بمرن. لە هەر دوو هەفتەیەک یان زیاتر زمانێک لە جیهاندا دەمرێت. لەو زمانانە ٥٠٠ زمانیان كەمتر لە ١٠٠ كەس قسەی پێدەكات١٥٠٠ زمانیان كەمتر لە ١٠٠٠ كەس قسەی پێدەكەن دەوروبەری ٣٠٠٠ زمان لە سەروی ١٠٠٠٠كەس قسەی پێدەكەن. ٥٠٠ زمانیش زیاتر لە ١٠٠٠٠٠ كەس قسەی پێدەكەن. بە جۆرێک ٩٦% ی دانیشتوانی سەر ڕووی زەوی بە ٤ زمان قسەدەكەن، ٤% هەموو دانیشتوانی تر بە هەموو زمانەكانی تر قسەدەكەن. ( Baba Zanna Isa, Hajjakaru Ahmed and YaganaGrema2014: 46) بەپێی ئەم ئامارانە زۆرینەی زمانەكانی دونیا لە ژێر هەڕەشەی لەناوچوون و مردن دان.

كۆمەڵێک هۆكار هەن بۆئەوەی زمانێک بمرێت، لەوانە گۆڕینی زمان، كاتێک زمانێک بە خێرایی دەگۆڕێت بۆ زمانێكی تر، ئەوا زمانە گۆڕاوە كە دەبێت بە مردوو. یان بە هۆی كارەساتە سروشتییەكان، یان كارەساتە مرۆییەكان، وەكو جینۆساید و هێرش و پەلامار و ناكۆكی. یان هۆكاری سیاسی وەكو داگیركاری، یان ڕاگواستن، یان پەروەردەی ناچاری. (هەمان سەرچاوە: ٤٧) بەم پێیە جینۆسایدكردن یەكێكە لە هۆكارە مرۆییەكانی مردنی زمان. بەڵام هەندێ جار پلانەكە بۆ كوشتن و لەناوبردنی زمان دادەنرێت، كە ئەمەیان پێی دەوترێت لەناوبردنی زمان. ئەوەی كە مردنی زمان لە پاكتاوكردنی زمان جیادەكاتەوە، لە دووەمیاندا سیاسەت و بەرنامەیەكی تایبەتی بۆ دادەنرێت و دەبێتە زاراوەیەكی سیاسی، لەڕووی سیاسیەوە كار بۆ لەناوبردنی زمان دەكرێت، وەلێ مردنی زمان دەشێت هۆكاری ناسیاسیشی لە پشتەوە بێت. بەڵام تاڕادەیەک ئەنجامێكی هاوبەشییان هەیە، بەتایبەتی كاتێک ئەگەر پلانی لەناوبردنی زمانەكە سەربگرێت، ئەوا سەردەكێشێت بۆ مردنی ئەو زمانە و چوونە ریزی زمانە مردووەكان.

بەو پێوەرانەی كە جینۆساید لەناوبردنی ژیان و مرۆڤ بە گشتیە، زمانیش وەک بەشێک لە چالاكی مرۆڤ دەكەوێتە بەر هەڕەشەی لەناوچون، ئەو مادەیەی كە جینۆساید دەناسێنێت، تێیدا هاتووە، (كۆمەڵكوژی هەموو ئەو كارانە دەگرێتەوە كە مەبەست لێی لەناوبردنی بەشێک یان هەموو گروپێكی نەتەوەیی، یان ڕەگەزی، یان ئاینی بێت. بە شێوازی كوشتنی تاكەكان، یان زیانگەیاندنی زۆری جەستەیی و عەقڵی بە تاكەكانی كۆمەڵ، یان كۆسپ خستنە بەر منداڵبون لەو كۆمەڵەدایان گواستنەوەی بەزۆر.) (خەلیل عەبدوڵلا٢٠١١: ٣٥) كورد وەک گروپێكی نەتەوەیی هەموو ئەو پێشێلكاریيانەی بەرامبەر كراوە، زمانیشی وەک ناسنامەی نەتەوەیی بەر ئەم پرۆسەیە كەوتووە، زۆرجار هەوڵی لەناوبردنی زمانەكەیان داوە. ئەگەر لەناوبردنی جەستەیی هۆكارێک بووبێت بۆ لەناوبردنی زمانی، ئەوا زۆرجار دەبینین، كە كورد تووشی سڕینەوەی ناسنامەی زمانی بووە پێش سڕینەوەی جەستەیی، ئەویش بە قۆناغی جیاواز و

پلانی جیاواز جێبەجێکراوە. وەک ئەوەی کە لە باکوری کوردستان دەرهەق بە کورد کراوە.

**٢-٣: شێوازەکانی پاکتاوی زمان لە هەمبەر زمانی کوردیدا**

مێژووی گۆڕینی ناسنامەی نەتەوەیی لە کوردستاندا ڕیشەیەکی دوور و درێژی هەیە، هەندێ لە سەرچاوەکان دەیگێڕننەوە بۆ سەرەتاکانی هاتنی ئاینی ئیسلام بۆ کوردستان، بە تایبەت لەو باوەڕەدان، کە بیری بەعەرەب کردن بۆ فتوحاتی ئیسلامی هاتنی ئیسلام بۆ ناوچە نا عەرەب و نەتەوە نا عەرەبەکان سەرەتای دەرکەوتنی بەعەرەبکردنە. (بڕوانە: شێخ سدیق٢٠٠٥: ١١-١٤) بەڵام ئەوەی بە شێوەیەکی بەرنامە بۆداڕێژراو پلانی تایبەتی و بە یاسایی کردنی سڕینەوەی ناسنامەی زمان و نەتەوە بەرامبەر بە کورد دەکرێت لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا، دەگەڕێتەوە بۆ دوای جەنگی یەکەمی جیهانی و ئەنجامی ئەو دابەشکارییەی کە لە ڕێکەوتننامەی سایکس بیکۆ کەوەتەوە، لە هەریەک لەو بەشانەی بە زۆر بە دەوڵەتەکانی عێراق و تورکیا و ئێران و سوریاوە لکێنران، بە شێوازی جیاواز و بۆ یەک ئامانج و مەبەست هەوڵی گۆڕینی ناسنامەی نەتەوەیی لەو ناوچانە درا، لەوانە گۆڕینی زمانی پەروەردەو فێرکردن و تەنانەت قسەکردنیش بۆ زمانی نەتەوە سەردەستەکان. شێوازێکی تر بریتییە لە ڕاگواستنی خەڵکی لەناوچەیەکی کوردنشین بۆ ناوچەیەکی ناکوردنشین بە گوێرەی سیاسەتی دەوڵەتە داگیرکارەکان. (ڕاگواستن سیاسەتێکی نوێ نییە کورد پێشتریش نزیکەی لە هەموو ماوەی پێش خۆیدا لەسەر ئاستی هەموو بەشەکانی کوردستان دوچاری بووە.)(ڕەشاد میران و موراد حەکیم٢٠٠٤: ٦٣) شێوازێکی تر بریتی بووە لە گۆڕینی دیمۆگرافیا واتە جێگۆڕکی کردن بە دانیشتوانی ناوچە زمان جیاوازەکان و تواندنەوەی زمانی نەتەوەی ژێر دەستە لە ناو زمانی نەتەوەی سەردەستەدا. ئەمەش لە زۆربەی بەشەکانی کوردستاندا ڕووی داوە. بۆیە لێرەدا بەپێی هەریەک لە سیاسەتی ئەم دەوڵەتانە تیشک دەخەینە سەر هەوڵەکانی لەناوبردنی زمانی کوردی.

**٢-٣-١: لەناوبردنی زمانی لە باکوری کوردستان (بەتورککردن):**

بە تورککردن واتە سڕینەوەی هەموو نەتەوەکان و تواندنەوەیان لەناو بۆتەی تورکیزمدا. ئەمەش سەرەتاکانی دەگەڕێتەوە بۆ دروست بوونی کۆماری تورکیا و نووسینەوەی دەستور. کە بەپێی دەستوری ئەم وڵاتە نکۆڵی لە بوونی هەموو نەتەوەکانی تر دەکرێت کە لە بەندی ٨٨دا هاتووە: (هەموو دانیشتوانی تورکیا بە بێ ڕەچاوکردنی ڕەچەڵەکی ئاینی و ڕەگەز، تورکن)، هەروەها لە بەندی ٦٩ی دەستوردا هاتووە: (هەموو تورکەکان یەکسانن لەبەردەم یاسادا.) (مارف عومەر گوڵ٢٠١٠: ٧٣، ٧٤) بەپێی ئەم دوو بەندە بێت تەنها تورک لە تورکیا دەژن، بۆیە دەبێت پێڕەوی یەک زمانی و یەک نەتەوەیی بکرێت. بۆئەمەش دەستورەکەیان پاڵپشتییەکی بەهێزی کردن و توانیان ماوەیەکی زۆر زمانی کوردی لە تورکیا قەدەغە بکەن، چەندین یاسا و فرمانیشیان بۆ ئەمە دەرکرد. چونکە دەزانرا کە بوونی زمان بوونی

نەتەوە دەسەلمێنێت. لە سییەکانی سەدەی رابردوودا دەزگاکانی پۆلیسی تورکیا تەرخانکرابوون بۆ چاودێریکردنی جوتیارە کوردەکان کە دەهاتنە شارەکان بۆئەوەی بزانن بە چ زمانێک قسە دەکەن، ئەگەر بە زمانی کوردی قسەیان بکردایە دەبوو بەرامبەر هەر وشەیەک پێنج قروش باج بدەن. (هەمان سەرچاوە: ٧٣). ئەمە جگەلەوەی خوێندن و نووسین و هەر کارێکی فەرمی و نافەرمی بە زمانی کوردی قەدەغەکراو. بەکارهێنانی زمانی کوردی یەکێک بوو لەو تاوانانەی کە سزای تا لە سێدارەدانی هەبوو.

هەروەها سیاسەتی تورک بە هەموو شێوەیەک زمانی کوردی قەدەغە کرد، بە پێی بەڵگەنامەیەک لە ئەرشیفی بەریتانیدا پارێزراوە، هاتووە: (زمانی کوردی قەدەغە بکرێت، ئەوەی کاری بکەوێتە فەرمانگەکان دەبێ وەرگێڕ لەگەڵ خۆی بهێنێت.)(شێخ سدیق٢٠٠٥: ١٧) هەموو ئەو سیاسەتانە بەرامبەر بە زمانی کوردی لە تورکیا، هەوڵ بوون بۆ لەناوبردنی زمان، بەڵام نەیانتوانی زمانەکە لەناوببەن، هەرچەندە گەلێک نەوەی کوردیان لەم زمانە بێ بەهرەکرد، زۆرێکیش لە کوردانی ئەو وڵاتە بە باجدانی قورسەوە توانیان زمانی کوردی بپارێزن.

لە تورکیادا بە درێژایی مێژوو بۆ پاکتاوکردنی زمانی، کار لەسەر هەر دوو ڕەهەندی یاسایی و سیاسی کراوە. بەوەی کە بە یاسا زمانی کوردی قەدەغەکراوە، بەکارهێنەرانی بەرەوڕووی لێپرسینەوەی یاسایی بوونەتەوە. لەڕووی سیاسیشەوە حکومەت و پارتە دەستەڵاتدارەکان پیادەی سیاسەتی پاکتاوی نەژادی و پاکتاوی زمانییان کردووە.

لە دوای پێداچوونەوەی دەستور لە تورکیا، داڕشتنەوەیەکی نوێ بۆ دەستور لەساڵی ١٩٨٢ سیاسەتی پاکتاوی زمانی کوردی زیاتر پەرەی پێدرا بەجۆرێک لە بەندی ٤٢ی دەستوری ١٩٨٢ دا هاتووە: جگە لە زمانی تورکی هەموو زمانێکی تر لە دەزگاکانی خوێندن و پەروەردەدا قەدەغەن. هەروەها ئاماژە بەوە دەکات کە (زمانی تورکی دایکی زمانەکانە.) ئەم بەندانەش وادەکەن کە بە یاسا هەموو زمانێک ڕەتدەکرێتەوە، جگە لە تورکی. ئەمەش بە تەواوی لە بواری پڕاکتیکدا کاری بۆ کراو پلان و نەخشەی جۆراوجۆری بۆ دانراوە و لە پرۆگرامی خوێندندا لە قوتابخانەکانی تورکیا منداڵانی تورک دەبێت هەموو ڕۆژێک ئەوە بڵێنەوە کە: ئەز تورکم، دایکم تورکە، باوکم تورکە، داپیرەم تورکە، باپیرم تورکە، بنیادەم تورکە. (مارف عومەر گوڵ٢٠١٠: ٨٦). ئەمەش چاندنی هەستی تورکانەیە لە ناخی منداڵانی کوردا. هەموو ئەو یاسا و ڕێگرو بەربەستانە بوونە هۆی ئەوەی کە زمانی کوردی لەبیر چەند نەوەیەک ببەنەوە.

بەم پێیە هەرچەندە (کۆماری تورکیا دەوڵەتێکی فرە نەتەوەیە، بەڵام جگە لە زمانی تورکی دانی بەهیچ زمانێکی تردا نەناوە.) (شیرکۆ حمە ئەمین قادر و بروا ڕەسوڵ ئەحمەد٢٠١٦: ٢٢٨) بۆیە ئەو مەترسییەی لە تورکیا توشی زمانی کوردی بووە، تووشی زمانی نەتەوەکانی تریش بووە. و هەوڵەکانی جینۆسایدکردن بەرامبەر بەوانیش کراوە. ئەم سیاسەتەی تورکیا تاوەکو ئێستاش بەردەوامە

لەگەڵ هەندێ توندی و شلبوونەوە لە قۆناغەکاندا. (بڕوانە: خەڵات موسا یوسف٢٠٠٧: ٥٣-٩٦).

**٢-٣-٢: لەناوبردنی زمانی لە باشوری کوردستان(بەعەرەبکردن):**

لە باشوری کوردستان پرۆسەی بەعەرەب کردن، و هەوڵەکانی بۆ سەرەتای دروست بوونی دەوڵەتی عێراق، لە بیستەکانی سەدەی ڕابردوو، دەگەڕێتەوە. (لەتیف فاتح فەرەج٢٠٠٤: ١١) هەرچەندە لەباشوری کوردستاندا بە پێچەوانەوەی باکوری کوردستانەوە زۆرجار زامنی پاراستنی مافەکانی کوردو زمانی کوردی چۆتە نێو ڕێکەوتننامەی نێودەوڵەتی یاساو هەندێ جار دەستوری وڵاتیشەوە. بۆ نموونە لە بەڵگەنامەیەکی نهێنی بەریتانیدا هاتووە: کە های کۆمیشنەری بەریتانیا مەسەلەی بەکارهێنانی زمانی کوردی لە کوردستان بەپێی بەڵێنە نێودەوڵەتییەکانی عێراق لە ٢٠ی ئایاری ١٩٣٠ لەگەڵ مەلیک فەیسەڵدا وروژاندبوو. دیکیۆمێنتەکە ئاماژە بەوە دەکات کە حکومەتی عێراق هیچ شتێکی لەم بارەیەوە نەکردو ناوچەیەکی فێرکاری لە هەرێمدا دروست نەکرد. (نوری تاڵەبانی٢٠١١: ٥٨) هەروەها لە کاتی لکاندنی ویلایەتی موسڵ بە دەوڵەتی عێراقەوە، بە پێی بڕیارێکی نێودەوڵەتی، بۆ ئەو لکاندنەش مەرج بۆ هەریەک لە عێراق و دەوڵەتی بەریتانیا هەبوو کە دەبێت (ئارەزوی کورد لەبەرچاوبگیرێ کە داوا دەکەن کارمەندی بەڕەچەڵەک کورد بۆ بەڕێوەبردنی وڵاتیان دابندرێ و زمانی کوردی لە دام و دەزگا خزمەتگوزارییە هەمەچەشنەکاندا زمانێکی فەرمی بێت.) بەڵام حکومەتە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق لەم پابەندبوونە نێودەوڵەتییە پەشیمان بوونەوە. (هەمان سەرچاوە: ١٦). بەمەش زمانی کوردی لە باری ڕاستەقینەدا کەوتە بەر مەترسی لەنابردن و کوشتن. هەرچەندە یاساکان لەسەر کاغەز دانیان بە مافی زمانەکەدا نابوو، بەڵام نەیاتوانی پارێزگاری لێبکەن، چونکە ئامانجی دەوڵەتە سەردەستەکان لەناوبردنی ئەم ڕەگەزە سەرەکی (زمان)یە نەتەوەی کورد بووە.

هەرچەندە لە زۆربەی قۆناغەکاندا پاراستنی زمانی کوردی لەم بەشەی کوردستان پشتیگریی یاسایی هەبووە، بەڵام دوای ڕێکەوتنامەی جەزائیر لەساڵی ١٩٧٥ زەمینەیەکی گونجاو بۆ حکومەتی عێراق هاتە پێش بۆ پەراوێز خستن فەرامۆشکردنی زمانی کوردی و لەناوبردنی. (خەڵات موسایووسف٢٠٠٧: ١٦٧). ئەم دژایەتی کردنە دواتر قوڵتردەبێتەوە.

لەگەڵ شاڵاوەکانی ئەنفال بۆ سەر ناوچە کوردنشینەکان هەوڵی زۆر درا، کە ئەو ناوچانە چۆڵ بکرێن و بە زۆر خەڵکەکەی ببرێن بۆ ناوچە عەرەب نشینەکان. ئەمەش بە کردەوە جێبەجێکرا. هەروەها قەدەغەکردنی زمانی کوردی لە بواری خوێندن و پەروەردە و فێرکردندا. کە ئەمەش گەورەترین مەترسی بۆ سەر زمان دروست دەکات. چونکە لە داهاتوویەکی نزیکدا زمانەکە دەبێتە تەنها زمانی قسەکردن و لەباری نووسین و بڵاوکردنەوەو پاشەکشەیەکی زۆر دەکات. دواتریش

وردە وردە لاواز دەبێت و بەرەو زمانێکی مردوو هەنگاو دەنێت.

داعش هەمان سیاسەتی پێڕەو کرد، بەتایبەتی لە ڕاگواستنی خەڵکی گروپە زمان جیاوازەکان بۆ ناوچە عەرەبییەکان و قەدەغەکردنی زمانیان. لەوانە گواستنەوەی خەڵکی یەزیدی بۆ ناوچە عەرەب نشیەکان و قەدەغەکردنی زمانەکەیان و بەزۆر بەکارهێنانی زمانی عەرەبی، لە قسەکردن و ڕاگەیاندن و بڵاوکردنەوەی بیروڕاکانیان.

**٢-٣-٣: لەناوبردنی زمانی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان (بەفارسکردن):**

کورد و فارس مێژوویەکی دێرینی هاوبەشییان پێکەوە هەیە، بەڵام ئەم پەیوەندییە نەبۆتە هۆی بەرەوپێش چوون و گەشەکردنی ژیاری بەتایبەت لە هەمبەر کوردەوە. چونکە فارس وەک نەتەوەیەکی سەردەستە هەوڵی داوە، هەموو نەتەوەکانی تر، لە بۆتەی خۆیدا بتوێنێتەوە. بەڵام بە شێواز و ڕێگەی جیاواز. زۆرجار هەر ئەمەش بۆتە هۆکارێک، کە کورد وەک نەتەوەیەکی ئێرانی و بەشێک لە فارس هەژمار بکرێت و زمانەکەشی بە دیالێکتێک یان لقێک لە زمانی فارسی دابنرێت. هەر لەسەرەتاکانی سەدەی ڕابردووەوە بەئاشکرا دژایەتی زمانی کوردی و هەموو نەتەوەکانی تری ئێران کراوە، بۆ نموونە (لە ساڵی ١٩٣٤ ڕەزا شا بەیاننامەیەکی دەرکرد، بە گوێرەی ئەو بەیاننامەیە هەموو زمانێک لە ئێران قەدەغەیە، تەنها فارسی نەبێت، وە بڕیاری دا لەسەر دەرگای هەموو دام و دەزگاکانی دەوڵەت و قوتابخانەکان ئەم ڕستەیە بنوسرێت (به فارسی سخن بگوید) واتە بەفارسی قسەبکەن. هەوڵی گۆڕینی ناوی زۆربەی گوند و شارەکانی دا لە کوردییەوە بۆ فارسی.) (خەڵات موسا یووسف٢٠٠٧: ١٠٦)، وەکو زۆربەی ناوچە کوردنیشەکانی ئێران.

سیاسەتی پاکتاوی نەژادی دژ بە گەلی کورد مێژوویەکی دامەزراوی هەیە. بەجۆرێک (کە لە سەردەمی حوکمی بیست ساڵەی ڕەزا شادا زۆرداری نەتەوەیی گەیشتە ئەوپەڕی خۆی، شۆفێنیزمی ئێرانی بووە سیاسەتی فەرمی ڕەزا شای پەهلەوی هەموو گەلانی ئێرانی خرانە ژێر زوڵم و ستەمی نەتەوەیی و شوێنەوارە مێژووی نەتەوەییەکان و کلتور و داب و نەریتیان لەناوبران، ئەمەش بە مەبەستی سڕینەوەی شوناسی ئەم نەتەوانە بوو.) (عەبدولرحمان قاسملو١٩٨٨: ٢٣). بۆ سڕینەوەی شوناسی ئەم نەتەوانەش ڕێگەی جیاجیا گیرایە بەر، هەر لە گۆڕینی دیمۆگرافی ناوچە کوردنشینەکان و هەروەها گرینگی نەدان بەو ناوچانە لە پێناو جێهێشتن و چۆڵکردنی ناوچەکان. وێرانی کردنی ژێرخانی ئابوری لەو ناوچانەدا.

ئەوەی پەیوەست بێت بە زمانەوە (ئەو سیاسەتەی شای ئێران لە دژی گەلی کورد، لە چوارچێوەی (تفریس)دا جێبەجێ دەکرا. زمانی فارسی سەپێندراو جگە لە قەدەغەکردنی زمان و کەلتوری کوردی، تەنانەت جل و بەرگی کوردیش قەدەغەکرا. هەر لەو پێناوەدا هەزاران کەس لە ناوچەکانی کوردستانەوە بۆ بەشەکانی دیکەی ئێران دوورخرانەوە.)(مارف عومەر گوڵ٢٠١٠: ٩٢)

هەردوو بڕیاری قەدەغەکردنی زمان و ڕاگواستن دوو هۆکارن بۆ پاکتاوکردنی زمانی، جگەلەوەی کە هەموو هەوڵەکانی تریش لە پێناو پەراوێزخستنی زمانی کوردی و زمانی نەتەوە نافارسەکانی تری ئێران دراوە. بەڵام هەریەکەیان بە پێی پلەیەک بەر کاریگەری ئەم سیاسەتە کەوتوون. ئەو شێوازانەی کە لەم بەشەی کوردستان بۆ پاکتاوکردنی زمانی گیراونەتەبەر خۆیان لە قەدەغەکردنی زمان بە بڕیاری یاسایی و ڕاگواستن و کۆچپێکردنی بە زۆرەملێ دا دەبینێتەوە.

لە دوای گۆڕانی حکومەتی ئێران لە سیستەمی پاشایەتی بۆ کۆماری، لەسەرەتا هەندێ مافی سەرەتایی بە گەلانی ئێرانی دران. بەڵام دواتر بە چەندین شێوە ڕێگری لە گەشەکردنی زمان و کلتورەکەیان کرا. بەڵام تا ئێستا نەگەیشتووەتەوە ڕادەی لەناوبردنی زمان، بەتایبەتی بەرامبەر بە زمانی کوردی.

**٢-٣-٤: لەناوبردنی زمانی لە ڕۆژاوای کوردستان(بەعەرەبکردن):**

سیاسەتی حکومەتی عێراق و سوریا تاڕادەیەک هاوشێوەیە، بەتایبەتی لە هەندێ قۆناغی مێژوویدا، چونکە هەمان عەقڵیەت، کە بەعسیزمە حوکمڕانی ئەو دوو وڵاتەیان کردووە. بۆیە لە هەردوو وڵاتدا نەتەوە ناعەرەبەکان هەمیشە بوونەتە قوربانی و بە دڕندانەترین شێوە مامەڵەیان لەگەڵدا کراوە.

لە کۆتایی چلەکانی سەدەی ڕابردووەوە حکومەتی سوریا کەوتە جێبەجێکردنی سیاسەتی (پشتێنەی عەرەبی) کە مەبەست لێی بەعەرەبکردنی ناوچە هاوسنوورییەکانی بوو لەگەڵ تورکیا و عێراقدا بەمەش کوردەکانی ئەو ناوچانەی گواستەوە بۆ ناوچە عەرەبنشینەکانی سوریا و ئامانجێکی تری بریتی بوو لە لێک دابڕینی کوردەکانی دیوی سوریا و عێراق و تورکیا.(شێخ سدیق٢٠٠٥: ٢٠) چونکە زۆرجار جگە لە هێڵی سنوری دەسکردی ئەو ناوچانە هیچ شتێک دانیشتوانی کوردی ئەو ناوچانەی لەیەک جیانەکردووەتەوە. لە ئەنجامی ئەم پڕۆژەیەدا بە درێژی ٣٢٠ کیلۆمەترو بە پانی ٣٠ کیلۆمەتر نزیکەی ٣٣٢ گوندی بە شێوەی یەکجاری چۆڵ کرد و لە سەرەتای حەفتاکان بەناوی پڕۆژەی گوندی مۆدێرن خەڵکی عەرەبی لە شوێن نیشتەجێ کردن. بەمەش لەو ناوچانەدا زمانی کوردی کەوتە بەر هەڕەشەی لەناوچوون.

پڕۆژەیەکی تری دەوڵەتی سوریا کە بە سەر ژمێری ئاسایی ناسراوە، زیاتر لە ١٥٠ هەزار کورد لە سوریا بە بێگانە هەژمارکران و ناسنامەی سورییان لێ سەنراوە. زۆرجار لە سوریا پڕۆژەی مەترسیدار بۆ لەناوبردی کورد و جینۆسایدکردنی دانراوە، لەوانە پڕۆژەی (محمد طلب هلال) لێپرسراوی سیاسی ناوچەکانی جزیرە لە ساڵی ١٩٦٣ کە تێیدا هاتووە، (لە سوریا هیچ گەلێک نییە بەناوی کوردەوە، هەرگیز زمانێک نادۆزیتەوە بەناوی زمانی کوردی، کوردەکان نیشتیمانێکی نەتەوەییان نییە، بەڵکو کەسانی چیانشینن.) (مارف عومەر گوڵ٢٠١٠: ١٠٥) ئەمە سیاسەت و شێوازی کارکردنی حکومەتی سوریا بووە بەرامبەر بە کورد و زمانەکەی. لە زۆربەی پڕۆژەکانیاندا

ڕاستەوخۆ دژایەتی زمانی کوردی کراوە، چونکە تا زمان بمێنێت مۆرکی نەتەوەیش هەر دەمێنێت. ئەمەش هەوڵێکی ترە بۆ پاکتاوکردنی زمانی کوردی لەو ناوچەیەدا.

لایەنێکی تری بەعەرەب کردنی زمانی کوردی لەوەدا خۆی دەبینییەوە کە دەبێت خوێندن لە سەرتاسەری وڵات بە زمانی عەرەبی بێت، تەنانەت هەوڵی ئەوەیان داوە کە لەناوچە کوردییەکان قوتابخانە و ناوەندەکانی فێرکردن نەکرێنەوە بە مەبەستی هێشتنەوەیان بە نەزانی و نەخوێندەواری کە پێی دەوترێت سیاسەتی (تجهیل) هەروەها پێویستە هەر کەسێک خۆی دەپاڵێوێت بۆ هەڵبژاردن پێویستە زمانی عەرەبی بزانێت، ئەوەی عەرەبی نەزانێت مافی خۆپاڵاوتنی نابێت. هەروەها نابێت ڕەگەزنامەی سوری بدرێت بەو کەسانەی کە لەناوچە کوردییەکاندا دەژین، تەنیا ڕەگەزنامە دەدرێت بەوانەی کە عەرەبن جا لەهەر شوێنک بژیەن. هەموو ئەم سیاسەتانە بوونە هۆی پاشەکشەیەکی زۆری زمانی کوردی لە ناوچە کوردنشینەکان، تەنانەت لەناوچوون و وێران بوونی کەلتور و ئەدەبیاتێکی زۆر. ئەم هەنگاوانەش بۆ سەرەتایەک بۆ پاکتاوکردنی زمانی دادەنرێن.

## ئەنجام

گرنگترین ئەو ئەنجامانەی کە لەم توێژینەوەیەدا پێیان گەیشتووین لە چەند خاڵێکدا دەیانخەینەڕوو:

١- جینۆساید پرۆسیەکی فرەڕەهەندە، دەشێت لە ڕوانگەی جیاوازەوە لێکدانەوە و توێژینەوەی لەبارەوە بکرێت. بۆیە لەم توێژینەوەدا تەنها ڕەهەندی زمان وەرگیراوە، کە هەر پرۆسەیەک یان هەر هەوڵێکی جینۆساید کاردانەوە و لێکەوتەی خۆی لەسەر زمان جێدەهێڵێت، بۆیەش جینۆساید بە یەکێک لە هۆکارەکانی مردنی زمان دانراوە، لە ڕیزی هۆکارە سیاسییەکان.

٢- پاکتاوکردنی زمان زاراوەیەکی نوێیە لەناو زمانناسیدا، کە مەبەست لێی لەناوبردنی زمانێکە بە پاڵنەر و هۆکاری سیاسی، بۆ سڕینەوەی شوناسی گروپێکی نەتەوەیی یان ئاینی یان کۆمەڵایەتی، کە خاوەنی زمانی سەربەخۆی خۆیان بن. ئەم جینۆسایدکردنەش زۆرجار پاڵپشتی دەستوری و یاسایی یان بڕیاری سیاسی دەبێت.

٣- قەدەغەکردنی زمان بە یاسا و ڕاگواستنی بە زۆرەملێ قسەپێکەرانی هەر زمانێک بۆ ناوچەی زمان جیاواز، دوو لە دیارترین شێوازەکانی پاکتاوکردنی زمانن. کە هەردوکیان هەمان ئەنجامیان لێدەکەوێتەوە، بەوەی کە زمانێک لەناو دەبرێت یان لەناو زمانێکی تردا دەتوێنرێتەوە.

٤- هەوڵەکانی پاکتاوکردنی زمانی کوردی مێژوویەکی دوورو درێژیان، هەیە لە هەر سەردەم و قۆناغێکدا ڕێگەی جیاواز گراوەتەوە بەر بۆ لەناوبردنی زمانەکە، بەڵام لەبەر بەهێزی و ڕەگداکوتراوی زمانەکە و سوربوونی نەتەوەیی کورد لەسەر پاراستنی ئەم شوناسە نەتەوەییە، نەتوانراوە بە یەکجاری لەناوببرێت و لە ئەنجامیشدا زمانەکە ببێتە زمانێکی مردوو.

٥- بەپێی پێوەرە نێودەوڵەتییەکان هەموو ئەو هەوڵانەی کە لەلایەن حکومەتە داگیرکەرەکانی

کورد، دژ بە زمانی کوردی دراون، دەچێتە خانەی پاکتاوی زمانییەوە، چونکە ئامانج لە هەر هەوڵێکیان بریتی بووە لە کوشتنی زمانی کوردی. بەڵام تاوەکو ئێستا زمانەکە توانیویەتی ململانێ لە پێناو مانەوەیدا بکات.

٦- کاریگەری هەوڵەکانی پاکتاوکردنی زمانی کوردی لەسەر زمانەکە لە هەریەک لە بەشەکانی کوردستان جیاواز بووە، ئەم جیاوازییەش دەگەڕێتەوە بۆ شێواز و سیاسەتی حکومەتی ئەو بەشانە، بەجۆرێک لە باکوری کوردستان ئەم کاریگەرییە بەشێوەیەکی بەرچاو دەبینرێت، دواتر لە ڕۆژاوای کوردستان و بەدوای ئەوانیشدا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و دواتریش لە باشوری کوردستان.

## سەرچاوەکان

### ١- بەزمانی کوردی

- ڕەشاد میران و موراد حەکیم (٢٠٠٤) کاریگەری سیاسەتی ڕاگواستن لەسەر شار و لادێی کوردی، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، بەشی (B) ژمارە ١٤، سلێمانی.
- زوزان ناسر مستەفا (٢٠١٣) ئۆپەرسیۆنێن ئەنفالێ ل کوردستانێ دەرئەنجام و کاردانەڤە، بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی، ژمارە (٢٠٢)، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
- سەلام ناوخۆش و نەریمان خۆشناو (٢٠١٠)، زمانەوانی، بەرگی چوارەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی منارە، هەولێر.
- شیرکۆ حمە ئەمین قادر و بڕوا ڕەسوڵ ئەحمەد (٢٠١٦)، نەتەوەی کوردو بەکارهێنانی زمانی دایک وەک مافێکی گەردونی، International Journal of Kurdish Studies(ISSN:2149-2751)2 (3), pp. 219 – 237 *http://www.ijoks.com*
- شیخ سدیق (٢٠٠٥) پاکتاوکردنی ڕەگەزی لە مێژووی کورد دا، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی کشتوکاڵ، هەولێر.
- خەلات موسا یوسف (٢٠٠٧)، زمانێ نەتەوەیی د تەڤگەرا رزگاریخوازا کوردیدا، چاپا ئێکی، سپیرێز، چاپخانا حاجی هاشم، هەولێر.
- خەلیل عەبدوڵلا (٢٠١١)، بەجینۆسایدناساندنی ئەنفال، بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران، چاپ و پەخشی حەمدی، سلێمانی.
- عومەر ئەمین عەلی (٢٠١٣)، تەفسیری دیار، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، نوسینگەی تەفسیر بۆ بڵاوکردنەوە، هەولێر.
- عەبدولرەحمان قاسملو (١٩٨٨) چل ساڵ خەبات لە پێناو ئازادی، بەرگی یەکەم، چاپی دووەم، بەغدا.
- عەدالەت عومەر ساڵح (٢٠٠٢)، ئەنفال و ئافرەتی کورد، چاپی یەکەم، بڵاوکراوەکانی دەزگای ئاراس، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.
- فاروق عومەر سدیق (٢٠١٧) زمانناسی کوردی، یەکخستنەوەی د.شیروان خۆشناو، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی نارین، هەولێر.
- کۆمەڵێک نوسەر (٢٠٠٨)، کۆنگرەی بە جیهانناساندنی جینۆسایدی گەلی کورد، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.
- مارف عومەر گوڵ (٢٠١٠) جینۆسایدی گەلی کورد لەبەر ڕۆشنایی یاسای تازەی نێودەوڵەتیدا، چاپی پێنجەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.
- محمد معروف فتاح (٢٠١١)، زمانەوانی، چاپی سێیەم، بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
- میدڵ ئیست وۆچ(٢٠٠٤) جینۆساید لە عێراقدا پەلاماری ئەنفال بۆسەر کورد، وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە محەمەد حمەساڵح تۆفیق، چاپخانەی تیشک، سلێمانی.
- لەتیف فاتح فەرەج (٢٠٠٤)، تەعریب و ڕاگواستن لە بەڵگەنامەکانی بەعسدا، بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیرو هۆشیاری، سلێمانی

- نوری تاڵەبانی (٢٠١١) سیاسەتی گۆڕینی ڕوخساری نەتەوەیی ناوچەی کەرکوک، بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران، چاپ و پەخشی حەمدی، سلێمانی.
- ویسی صالح حمدأمین، عمر علی شریف، عبید خدر فتح الله (٢٠١٥) جینۆسایدی گەلی کورد، چاپی سێیەم، چابخانەی CEM- VEB-OFET، هەولێر.

## ٢- به زمانی عەرەبی

- القران الكريم
- خليل بن احمد الفراهيدى(١٩٩٠)، كتاب العين، جزء الثامن، الطبع الثانى، مؤسسة دار الهجرة، بيروت، لبنان.
- محمد جمال الدين القاسمى(١٩٦٥)، المسمى محاسن التأويل، الطبع الاول، دار احياء التراث العربى، بيروت لبنان.

## ٣- بەزمانی فارسی

- محمد معين (١٣٨٥)، فرهنگ فارسى معين، يک جلدى، چاپ اول، انتشارات گلى، تهران.

## ٤- به زمانی ئینگلیزی

- Baba Zanna Isa, Hajjakaru Ahmed and YaganaGrema(2014) Language Death and Endanered Languages ISOR Journal of Humanities And Social Science(IOSR-JHSR) volume 19, Issue 10.
- David Crystal (2000) Language death, First published, Cambridge University press.
-Skutnabb- Kangas, Tove & Phillipson, Robert (1994) Concise Encyclopedia of Sociolinguistics, Edited by Rajend Mesthrie, pergaman press, & Aberdeen University press.

## إبادة اللغة، وأساليب تطبيقها على اللغة الكوردية

**الخلاصة**

**هذه الدراسة المعنونة (إبادة اللغة، وأساليب تطبيقها على اللغة الكوردية) محاولة لتعريف وإظهار جميع المحاولات الّتي بذلت لمحو اللغة الكوردية وإبادتها، وبنيت الدراسة على احتمال تعرض اللغة للإبادة إثر تعرض الأقوام للإبادة الجماعية. أستخدمت الدراسة المنهج الوصفي الميداني وتكونّت من قسمين:**

**القسم الأول: تحت عنوان (إبادة اللغة وأنواعها، نظرة لغوية تحليلية) وتناولت فيه مصطلاحات ومفاهيم الإبادة والأنفال من الناحية اللغوية، كما تناولت فيه أنواع الإبادة ومدى خطورتها على اللغة أيضا.**

**القسم الثاني: تحت عنوان (إبادة اللغة، وأساليب تطبيقها على اللغة الكوردية) وتناولت فيه إبادة اللغة وموت اللغة، ثمّ فصلت القول في أساليب إبادة اللغة، وذكرت أيضا محاولات إبادة اللغة الكوردية في جميع أجزائها. وأخيرا أتيت بنتائج الدراسة وقائمة المصادر والمراجع.**

## LINGUICIDE AND ITS IMPLEMENTATION ON KURDISH LANGUAGE

Sherwan Hussein Hamad
Dept of Kurdish Language, College of Education, University of Raperin, Kurdistan Region – Iraq.

**ABSTRACT**

**The current study, which is entitled "Linguicide and its implementation on Kurdish language", is an attempt to introduce and demonstrate all efforts which were exerted to exterminate Kurdish language. The rationale of the study was based on the hypothesis that the native language of the nations which were exposed to genocide may be affected or linguicided. The study adopted descriptive empirical approach. It consists of two chapters.**

**The first chapter is entitled "Linguicide and its types; a linguistic analytic interpretation" in which the terms and expressions related to genocide and Anfaal are linguistically analuzed. Furthermore, the types of genocide and the negative impact on language are also addressed.**

**The second chapter, which is entitled "Linguicide and its methods of implementation on Kurdish language" dealt with both linguicide and the death of languages was analyzed and discussed. After that, the methods of linguicide were demonstrated in any part of Kurdistan as well as the attempts of linguicide on Kurdish language were also attended. Finally, the most significant results were stated as well as the references' list.**

***KEYWORDS:*** Linguecide, Genocide, Kurdish Language, Anfal, Environment Genocide